ژمارە (3980)
هەینی 27 ی کانوونی دووەم 2012
(7)ی ڕێبەندان 2711ی کوردی
(4)ی ربیع الاول 1433ك
(16) لاپەڕە
(500) دینار

خەبات

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە


# کەرکووک.. لەئەنجامی تەقینەوەی ماتۆڕسکێلێک 3 کەس شەهید و 6ی دیکەش برینداربوون

کاتژمێری 10ی سەرلەبەیانی دوێنێ لەگەڕەکی تسعینی شاری کەرکووک ماتۆرسکێلێک تەقییەوە و لەئەنجامدا سێ هاووڵاتی شەهید وشەشی دیکەش بریندار بوون. لەمبارەوە سەرچاوەیەک لە پۆلیسی پارێزگای کەرکووک بە کوردستان تی ڤی ڕایگەیاند کە ئەمڕۆ کاتژمێر 10 ماتۆرسکێلێک لەگەڕەکی تسعینی شاری کەرکووک تەقییەوە و لە ئەنجامدا سێ هاووڵاتی شەهید و شەشی دیکەش بریندار بوون. ئەمە وێڕای زیانی ماددی بە ئۆتۆمبێل و دوکانی هاووڵاتیان کەوت لە شوێنی ڕووداوەکە.


2 حکوومەتی ئێستای ئێراق، دان بە تەعریببوونی ناوچە کوردییەکان دەنێت

10 هیندییەکان بازاڕی کوردستان داگیر دەکەن

12 خەسرەو جاف: ئەم خەڵاتە بە هەموو نووسەر و ڕۆشنفکرێک و هونەرمەندێکی ئەم کوردستانە بەخشراوە

15 ریال مەدرید لەسەر دەستی بەرشەلۆنە ماڵئاوایی لەجامی شای ئیسپانیا کرد



# هەیسەم جبوری: بەشداریکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان گرەنتییە بۆ سەرکەوتنی کۆنگرەی نیشتیمانی



هەیسەم جبوری ئەندامی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا ئەوەی دووپات کردەوە، کە بەشداریکردنی بەڕێز مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، یەکێک لەو گەرەنتییە زۆر بەهێزەی سەرکەوتنی کۆنگرەی نیشتیمانی دەبێت. وەک جبوری ڕایگەیاند: ئامادەبوونی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆنگرەی نیشتیمانی کارێکی زۆر گرنگ و ئەرێنی دەبێت ئەمە جگە لەوەی سەرکەوتنی کارەکانی کۆنگرەکە دەسەلمێنێت و گوتیشی: سەرکەوتنی کۆنگرەکە زیاتر لە سەر سەرکردایەتی کورد دەوەستێت، چونکە بەسەرپەرشتی ئەوان دەبەسترێت.

لەلایەکی دیکەوە زیاد تارق زەرب ئەندامی فراکسیۆنی ئیئتیلافی ئێراقییە لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕیگەیاند: ئەمڕۆ سەرکردەکانی ئیئتیلافەکەی لە کۆبوونەوەیەکدا هەڵوێستی خۆیان لە بارەی گەڕانەوەی ئەندامامی ئێراقییە بۆ ناو ئەنجومەنی نوێنەران و حکوومەتی ئێراق یەکلایی دەکەنەوە.

وەک ناوبراو گوتی: لەو کۆبوونەوەیە دوایین پێشهات و ڕووداوەکانی قەیرانی سیاسی ئێراق تاوتوێ دەکرێت و دواتریش بڕیاری کۆتایی لە بارەی گەڕانەوەی ئەندامانی ئێراقییە بۆ ناو پرۆسەی سیاسی ئێراق دەدرێت. ئەو ئەندامەی ئیئتیلافی ئێراقییە ئاماژەی بەوەشدا، ئەگەری ئەوە هەیە ئیئتیلافی ئێراقییە لە کاتی گەڕانەوەی بۆ ناو ئەنجوومەنی نوێنەران، ببێتە باڵێکی ئۆپۆزسیۆن.

لەلایەکی دیکەوە وەلید عەبود ئەلموحەمەدی ئەندامی ئیئتیلافی ئێراقییە لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند: گەڕانەوەی ئەندامانی ئیئتیلافەکەی بۆ ناو ئەنجوومەنی نوێنەران و حکوومەتی ئێراق پەیوەستە بە ئەنجامی کۆنگرەی نیشتیمانی کەوا بڕیارە لە کۆتایی ئەم مانگە لە بەغدا ببەسترێت.

# بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنی پەرلەمان وەڵامی ڕۆژنامەی هاووڵاتی دەداتەوە

ڕۆژنامەی هاووڵاتی لەژمارە 803ی ڕۆژی چوار شەممە 2012/1/25ی خۆی و لەلاپەڕەی سەرەکیدا ڕاپۆرتە هەواڵێکی چەواشەکاری بڵاوکردۆتەوەو لەڕاپۆرتەکەدا هەوڵی تەشهیرکردن و شێواندنی ڕاستییەکانی تێدایە، لەگەڵ ئەوەی ئێمە پێمان باش بوو هەواڵەکانی ڕۆژنامەی هاووڵاتی ڕاست و دروست بن نەوەک بەم شێوەیە بێت کە لەدەستدانی متمانەی خوێنەرانی و نەبوونی میسداقیەتی پیشەیی ڕۆژنامەگەری لەگواستنەوەی ڕەوتی ڕووداوەکان لێ دەکەوێتەوە، بۆیە بە گرنگمان زانی ئەو ڕاستیانە بخەینە پێش ڕای گشتی و جەماوەری سەربەرزی کوردستان تاوەکو لەڕاستییەکان وەک خۆی ئاگەدار بن:

1 – لەم ڕاپۆرتە هەواڵەی ڕۆژنامەی هاووڵاتی، وای نیشان دەدەن کە پێدانی سولفە بەفەرمانبەران بەپەلە و لەکاتی گۆڕینی پۆستی سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکوومەت ئەو کارە ئەنجامدراوە، ئەمەش دوورە لەڕاستی، چونکە لە سەرەتای مانگی شوباتی 2011 ئەو پرۆسەیە فەرمانی بۆ دەرکراوەو لیژنەی بۆ پێکهاتووە دەستی بەکارەکانی خۆی کردووە ئامادەکاری بۆ کراوە.

2 – ڕۆژنامەی هاووڵاتی باس لەوە دەکات کە گوایە سەرۆکی پەرلەمان ئەم کارەی بەبێ ئاگاداری ڕێزدار جێگری سەرۆکی پەرلەمان کردبێت، ئەمەش دوورە لەڕاستی، چونکە ئەو کارە بە تەوافوق کراوە، بۆ ڕاپەراندن و ڕێکخستنی ئەو کارەش لیژنەیەک پێک هێنراو هەر لەسەرەتای دەستبەکاربوونی لیژنەکە بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بابەتە بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان بە بەرپرسی لیژنەکە دانرا.

3 – لەڕاپۆرتە هەواڵە نادروستەکەی ڕۆژنامەی هاووڵاتی کە تەشهیری پێوە دیارە وایان نیشان داوە ئەم کارە بۆ ڕاکێشانی فەرمانبەرانە،

بۆ ئاگاداری هەموو لایەک فەرمانبەرانی پەرلەمان خاوەن کەسایەتی بەرز و دیاری خۆیانن و مرۆڤی بە کەرامەت و خاوەن هەستی بەرزن، بۆیە بەو برە پارەیەی کە بەقەرز پێیاندەدرێ و دەیگەڕێننەوە، هیچ کەس و لایەک ناتوانێت بەوە ڕایان بکێشێت، بەو کارەش نە بودجەی هەرێم و نە بودجەی پەرلەمانیش بە هەدەر ناچێت، بەڵکو قەرزێکە بۆل14

# سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمان داوا دەکات بە زووترین کات پرۆژەیاسای کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان بخرێتە واری جێبەجێکردنەوە

شێروان حەیدەری سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند: وەک هەموو لایەک ئاگادارن حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری داوە لە 27ی ئەیلولی ئەمساڵ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت ، ئەم پرۆسەیەش لە لایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراقەوە بەڕێوەدەچێت ، ئەمەش لە کاتێک دایە کە ئەنجوومەنی کۆمسیارانی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق لە مانگی نیسانی ئەمساڵ دا وادەی یاسایی خۆی تەواو دەکات و ئەگەری ئەوەش هەیە کە چارەنووسی ئەو کۆمسیۆنە نادیار بێت ، بە تایبەتیش لەو باردودۆخە بۆل14

# بەریتانیا و فەرەنسا داوایان لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کرد لەهەمبەر کوشتنی خەڵکی سووریا بێ دەنگ نەبێت



ئاژانسەکان: بە گوێرەی ڕێکخراوی چاودێری ڕەوانگەی مافی مرۆڤی سووریا، لە چەند شارێکی ئەو وڵاتە، 29 کەس بە گولەی هێزە چەکدارەکانی سەر بە ڕژێم کوژراون، کە یەک لە کوژراوەکان بەرپرسی لیژنەی ڕێکخراوی خاجی سووری نێودەوڵەتییە لە سووریا، هاوکات ڕێکخراوی خاجی سووری نێودەوڵەتی داوای لێکۆڵینەوە لە هۆکاری کوشتنی بەرپرسەکەی لە سووریا دەکات، لەلایەکی دیکەوە هەر یەک لە بەریتانیا و فەرەنساش لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەنگیان خۆیان خستە پاڵ دەنگی ئەو وڵاتە عەرەبیانە، کە داوایان لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کرد، چی دیکە بەرامبەر کارە توندوتیژییەکان لە سووریا بێ دەنگ نەبێت.

لەم بارەیەوە رامی عەبدولڕەحمان بەرپرسی ڕێکخراوی چاودێری ڕەوانگەی مافی مرۆڤی سووریا کە بارەگاکەی لە لەندەنە لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: دوێنێ ژمارەی ئەو هاووڵاتیانە کە بە گوللەی هێزە چەکدارەکانی سەر بە ڕژێم لە شارەکانی سووریا کوژران، ژمارەیان 29 کەسە.

وەک عەبدولرەحمان گوتی: دوێنێ لە شاری حماو دەوروبەری چوار کەس بە گوللەی هێزە چەکدارەکانی سەر بە ڕژێمی سووریا کوژران و لە شاری کەرم زەیتون و حمسیش سێ کەس کوژران و منداڵێکی تەمەن پێنج ساڵانیش لەگەڵ دایکی لە شاری قەسیرە بە گولەی هێزە چەکدارەکانی ڕژێم کوژران و هەروەها لە شاری دیمەشقیش سێ کەس کوژران، ئەو بەرپرسەی ڕێکخراوی چاودێری ڕەوانگەی مافی مرڤی سووریا ئەوەشی خستە ڕوو، کە لە پارێزگا بۆل14

# پەرلەمانتارێکی دەوڵەتی یاسا: ڕەنگە بەهۆی ئامادە نەبوونییەوە دادگای بەغدا بە غیابیی سزا بۆ تارق هاشمی جێگری سەرۆک کۆمار دەربکات

ئاژانسەکان: پەرلەمانتارێکی دەوڵەتی یاسا بڕوای خۆی پیشاندا بەوەی کە پێدەچێت بەهۆی ئامادە نەبونیەوە دادگای بەغدا بە غیابی سزا بۆ تارق هاشمی جێگری سەرۆک کۆمار دەربکات.

محەمەد سەهیود پەرلەمانتاری لیستی دەوڵەتی یاسا لەلێدوانێکدا بۆ»سۆمەریە نیوز» ئاماژەی بەوەکرد: بەهۆی ئەوەی تارق هاشمی خۆی دەزانێت بۆل14

# سەلام زەوبەعی هۆشداریی پارچە پارچە بوونی ئێراق دەدات و هاشمی و مالیکیش بەکەمتەرخەم دەزانێت

pna: پەرلەمانتاری ئێراق لە لیستی ئێراقییە سەلام زەوبەعی، داوای لە جێگری سەرۆککۆمار تاریق هاشمی کرد کە لە بەردەم دادگا ئامادە بێت. هاوکات هۆشداریی پارچەبوونی ئێراقیشی دایە مالیکی.

دوێنێ پێنجشەممە لە هەولێر و لە پرێس کۆنفرانسێکدا، پەرلەمانتاری ئێراق لە لیستی ئێراقییە سەلام زەوبەعی، داوای لە لیستی ئێراقییە کرد کە پەناگیرییان بشکێنن و بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران بگەڕێنەوە.

زەوبەعی گوتی: داوامان کردووە کە ڕێچکەی لیستی ئێراقییە لە نێوخۆدا ڕاست بکەینەوە، چونکە دوو پڕۆژە لە نێو بۆل14

# دەمیرتاش: هوون هەموو هێزێن خوە ژی ب کار بینن نکارن راستیا کوردستانێ ژ هۆلێ راکن

**خەبات- ئیرفان شەمزینی:** هەڤسەرۆکێ گشتی یێ پارتیا ئاشتی و دەمۆکراسی (BDP) ێ سەلەحەددین دەمیرتاش، د خوەپێشاندانا ب ناڤێ «ئەز ل ڤرم» یا ل باژێرێ ریهایێ دە ژ بۆ گەلێ دەڤەرێ ئاخافتنەک کر و بال کێشاندە ل سەر ئۆپەراسیۆن و گرتنێن سیاسەتڤانێن کورد و دا زانین کو، د ناوا سێ سالان دە شەش هەزار و دووسەد هەوالێن وان هاتینە گرتن و وەها گۆت: « هوون هەموو هێزێن خوە ژی ب کار بینن نکارن راستیا کوردستانێ ژ هۆلێ راکن.



هەموو گەنج، کال و ژن د ناوا کادرۆیێن مە دە نە. ئەو هەموو پارلامونتەرەک و شارەدارەکن. گەلۆ هوون دکارن ڤێ گەلێ هەموویان بگرن و هوون دکارن ملیۆنان بۆل14

# لە ماڵێکی باشووری بەغدا 8 هاووڵاتی و 2 منداڵ بوونە قوربانی

**ئاژانسەکان:** سەرچاوەکانی پۆلیس لە بەغدا ڕایانگەیاند کە پۆلیسێک و 9 کەس لە خزمانی، بەهۆی تەقاندنەوەی ماڵەکەیان لە بەرەبەیاندا کوژراون.
سەرچاوەکان دەڵێن کە دوێنێ بەیانی لە باشووری بەغدا و لە لایەن توندڕۆکانەوە ئەم ماڵە تەقێندراوەتەوە. بە گوتەی ئەوان تەقاندنەوەکە لە ڕێی دانانەوەی بۆمب بووە بە دیواری دەرەوەی ماڵەکە کە لە موسەیەبی باکووری حللەیە کە بە ناوەندی ڕێکخستنەکانی ڕێکخراوی قاعیدە لە میانەی شەڕدا ناسراوە.لە تەقینەوەکەدا بێجگە لەوەی کە ماڵەکە وێران بووە، چوار پیاو و چوار ژن و دوو منداڵ کوژراون.سەرچاوەکان دەڵێن کە ئەم دۆخەی ئێستا گەڕانەوەیە 14

# ئۆباما: هێشتا ئێران دەرفەتی ماوە هەڵسوکەوتی خۆی بگۆڕێت

**ئاژانسەکان:** سەرۆکی ئەمەریکا ڕایدەگەیەنێت هێشتا دەرفەت ماوە تا کێشە ئەتۆمییەکەی ئێران بە ڕێگای ئاشتیانە چارەسەر بکرێت
لە میانەی پێشکەشکردنی وتاری ساڵانەی خۆی لە بەردەم کۆنگرێسی وڵاتەکەی، باراک ئۆباما، سەرۆک کۆماری ئەمەریکا بە ئاماژەدان بە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی ڕایگەیاند: بە هۆی هێزی دیپلۆماسی ئەمەریکاوە، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەڵوێستێکی هاوبەشیان لە دژی ئێران هەیە.
ئۆباما گوتیشی: ئەمەریکا هەرگیز ڕێگا بە ئێران نادات چەکی ئەتۆمی بەرهەم بهێنێت، بۆ وەستاندنی بەرنامە ئەتۆمیەکەی ئەو 14

# ئەمەریکا داوادەکات هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی یەمەن لەوادەی دیاریکراوی خۆی لەمانگی شوباتدا ئەنجامبدرێت

**ئاژانسەکان:** ئەمەریکا جەختدەکات لەسەر پێویستی ئەنجامدانی قۆناغی ئینتقالی لەیەمەن بەپێی ئەو خشتەیەی کە دیاریکراوە.
وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لەبەیاننامەیەکدا بەپێویستی زانیوە کە قۆناغی گواستنەوە لە یەمەن بە گوێرەی ئەو خشتەیە بێت کە پێشتر سەرجەم لایەنەکانی ئەو وڵاتە لەسەری ڕێکەوتوون.
لەبەیاننامەکەدا ئاماژە بەوەکراوە لەمیانی کۆبوونەوەی وندی شێرمان جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لەگەڵ عەبد ڕەبە مەنسور هادی جێگری سەرۆکی یەمەن و گەورە بەرپرسانی 14

## هەواڵی چاوەڕوانکراو

*ڕەنگە لە هەفتەی داهاتوو ئەمەریکا و ڕووسیا سەبارەت بە کێشەی سوریا کۆببنەوە.
*چاوەڕوان دەکرێت هەتا کۆتایی ئەم مانگە نرخی تمەنی ئێرانی هەرلە داشکاندابێت.
*پێشبینی دەکرێت لیبیا بەسەر چەند هەرێمێکدا دابەش بێت.